

## مۆدەیەکی جوان لە کراسی کوردی مۆدێرن


خانمانی کورد لەگەڵ ئەوەی جوانن، کەچی زیاتر جوانتر دەبن کاتێك جلی کوردی دەپۆشن، چونکە جوانی جلی کوردی وادەکات رازاوەیی و جوانی خانمان دەربکەوێ، بۆیە باشترە هەوڵبدەن لە بۆنە و شوێنە گشتییەکان کراس و جلی کوردی بپۆشن، یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی جلی کوردی، ئەو جلانەن کە لە شێوەی مۆدیرن کاری دیزاینی جوانیان بۆ کراوە، بۆیە لێرەدا باسی مۆدەیەکی تازە و مۆدێرن دەکەین، کە بریتییە لە کراسێك لە دوو بەش پێکهاتووە ئەویش بریتییە لە : کراس و کراسی ژێرەوە لە رەنگی رەساسی پێکهاتووە، کراسەکەی سەرەوەش روونە، وادەکات کراسی ژێرەوە دەربکەوێ.


## کراسی تایبەت بەکاتی مرەبڕین

بۆنە تایبەتەکان لە ژیانی خانمان چەند بۆنەیەکی دیاریکراون، دەبێ هەریەکە ئامادەکاری و کاری جوانی بۆ بکرێ، یەکێك لەو بۆنانە بریتییە لە مارەبڕین یان نیشان کردن، بۆیە دانانی کراسەکان جوانترین شێوە دەبن بۆ ئەو بۆنەیە، چونکە جوانی کراس شێوەیەکی ناسك و جوان بە جەستەی خانمان دەبەخشێ.

لێرەدا شێوازی کراسەکان رۆڵی خۆیان دەبینن لە بۆنەکان، چونکە بوونی نەخشی جوان و شێوەی شایستە کاریگەری دەبێ، چەندین مۆدەی کراس هەن بۆ ئەو بۆنەیە، بەڵام یەکێك لە تازەترین مۆدەکان بریتیین لە کراسی شێوەی سەرەوەی کراوە، کە نەشونمایەکی رازاوەی پێوە دیارە، بە بوونی نەخش لە کراسەکە زیاتر جوانتر و ناسکتر دەردەکەوێ.

## تۆقەی لە شێوەی قەڵەمدا بۆ بەستانی قژ





جوانی قژ دەبێ بەپێی بایەخ و کاری تەسریحەکان بێ، بۆیە هەر یەکە جوانییەکی کراوە و ناسکی دەبێ لە چۆنییەتی دانانی تەسریحەکان، ئەمەش وادەکات هەر یەکە لە تەسریحەکان بە جۆرێك کاری بەستانی بۆ بکرێ، لێرەشدا قژ پێویستی بە کەرەستە و ئێکسسوارەکان دەبێ بۆ بەستان، لێرەدا گرنگی تۆقەکانی قژ دەردەکەون و دەتوانن زیاتر دیمەنی قژ جوانتر بکەن.







یەکێك لە شێوەی تۆقەکان بریتییە لە تۆقەی شێوە قەڵەم، کە پێکهاتووە لە شێوەی ستوونێکی بچووك، ئەوەندەی قەڵەمێك دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا جوانییەکی گەورە دەبەخشێ، بۆیە دەکرێ سوودی لێ وەربگرین بۆ بەستانی قژ و دانانی ستایلێکی جوان و رازاوە لە تەسریحەکانی قژ، بە مەرجێك ئەو جۆرە تۆقانە نەخش یان شێوەیەکی جوان لە خۆ بگرێ.







# ماکیاژێکی تۆخ بە بۆنە تایبەتەکان

مۆدەی ماکیاژەکان بە جوانترین شـێوە کاری بۆ دەکرێ، هەر یەکە بەپێی کات و شوێنی تایبەت دادەنرێ، بۆیە دەکرێ سوود لە جۆرەها ماکیاژەکان وەربگرین کە دیمەنێکی جوان و رازاوە لەخۆ دەگرێ، لێرەدا ئاماژە بە مۆدەیەکی ماکیاژ دەکەین کە پێکهاتووە لە ماکیاژی تۆخ بۆ بۆنە و ئاهەنگەکانی شەوانە.

کە شـێوەیەکی جوان و سـەرنجڕاکێش لەخۆ دەگرێ، چونکە رەنگی لێو بە شـێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێ و ئەوانەی دیکەش بە شێوەیەکی سادە دەبێ، تەنانەت بەشێکی پشت چاوەکان پێویستە لە هەمان رەنگی لێو بێ.



# ملوانکە رازاوەترت دەکات



ئێکسسـوارەکان بـە گشـتی کاردەکەن لەسەر جوانـکاری و بەخشـینی دیمەنێکی جوان و رازاوە لەسەر هەر بەشێکی جەستەی خانمان، بۆیە جوانی ئێکسسوارەکان پابەندن بـە ناسـکی و نەرمی لە مۆدەی ئێکسسوارەکان، یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین ئێکسسوارەکان بریتییە لە (ملوانکە)، جوانی و رازاوەیی ملوانکەکان بەشێوەیەکی رازاوە لەسەر مل دەردەکەون، بە تایبەت ئەگەر بە نەخشـێکی جوان یان شێوەیەکی جوان لەخۆ بگرێ.

بەشێکی گرنگ لە ملوانکە بریتییە لە شێوەی زنجیرەکە، چونکە کاریگەری دەبـێ بەهۆی گونجاندنـی لەگەڵ رەنگی پێسـت، بەڵام زیاتر سەرنج دەدرێتە سەر بەشی خوارەوەی ملوانکە، کە نەخشێك یان شێوەیەك لەخۆ دەگرێ.




بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: ئیوان گەردی بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504679560 Email: iwan_gardi@hotmail.com

## منداڵێک گەورە نابێ

بێگومان گشت مرۆڤێك گەشە دەكات، هەریەكە بە پێ شـێوەی خۆی گەشە دەكات، ئەمـەش وەك حاڵەتێكـی سرووشـتی دەبـێ، كەچـی وادیارە گەشەكردنی ئەو منداڵە جیاوازییەكی گـەورەی هەیە لەگەڵ هەر منداڵێكی دیكەدا، ئـەو منداڵە لە جیاتی ئەوەی بەرەو سەرەوە گەشە بكات، كەچی بەرەو پانی گەشە دەكات.

وەك نەخۆشـییەكی سـەیر و تایبەت لەو منداڵە چینییەی كە ناوی (شـیاو شـینگ)ی تەمەن (٤) سـاڵە، وەكو دەبینن شێوەی بەرەو پان بوون دەچێ لە جیاتی بەرەو درێژ بوون بچێ.



## جەنتا سەیرەک



دروستكردنی كەرەستەكان هەر یەكە بەپێی شێوەیەك دەبێ كە خواستی لەسەرە، لەوانە جلوبەرگی ئافرەتان، ئەمەش وادەكات ببێتـە مۆدەیەكـی جوان، كەچی وادیارە كەرەسـتەكان بە چەندین مۆدەی سەیر دروسـت دەكرێن، كە دەبنە جێگەی جوانی و دیمەنێكی سـەیر، یەكێك لەو كەرەستانە بریتییە لەجەنتای دەسـتی خانمان، وەكو دەبینن لەسـەر چەندین شێوەی جیاواز دروسـتكراوە، دەبێ ئەوەش بزانین كە ئایا خانمان جەنتای لەم جۆرە هەڵدەگرن، كە هەندێكیان وێنەی دەمانچەیە یان وێنەی پێڵاوە.

## (هەرزان تەکسی)یش پەیدا بوو

دیـاردە سـەیرەكان هێـواش هێواش دەردەكـەون، ئەمەش لە شـارەكانی كوردستان، كەچی هەندێكیان جێگەی جوانی و خۆشـییە كـە دیاردەی لەم جـۆرە دەردەكـەون، ئـەوەی دەیبینن ئۆتۆمبێلێكی تاكسـیە و لە دواوەی نووسیویەتی (تەكسی ١٥٠٠-٢٠٠٠-٢٥٠٠) دینـاری، واتە بـۆت هەیە مامەڵە بكـەی بەو چەنـد نرخەی دانـراوە، دەبێتە دیمەنێكـی جوان كە بە نـاوی (هەرزان تەكسـی) ناوزەند دەكرێ، بەڵام دەبوایە ئەو شـوفێرە ئەو بانگەوازەی لە پێشەوەی ئۆتۆمبێلەكەی نووسیبوایە نەوەك لە دواوە.



## ...سانی (٢٠١١)






## به پارەی تەسبیح ئۆتۆمبێلێک بکڕە

تەسبیح یەکێکە لە ئێکسسوارە جوانەکان کە زۆربەی پیاوانی کورد لە دەستی دەگرن، تەنانەت دەبێتە کەرەستەیەکی پێویست، کە هەندێك لەپیاوان بەبێ تەسبیح ناتوانن هەڵبکەن، ئەوەی سەیر بێ، نرخی تەسبیحە، کە لە هەندێك شوێن نرخێکی خەیاڵی هەیە و تەنانەت زۆر گرانە، کەچی خەڵك هەیە دەیکڕێ و پارەی پێدەدا. یەکێك لە تەسبێح فرۆشەکان پێیوتین کە تەسبێح هەبووە بە (٥٠) وەرەقە فرۆشراوە.

**ئامادەکردنی : ڕەوەند بەختیار**



## جوانترین کیژۆڵە

ئەو خاتوونە ڕەنگە لەداهاتوو ببێتە یەکێك لە شاجوانەکان، تەنانەت ببێتە شاجوانی جیهان، ئەو کیژۆڵەیە ناوی (هودا)یە و بە جوانترین کچە منداڵی ساڵی (٢٠١٠) دانراوە بەپێی ئەو ڕاپرسییەی کە لە یەکێك لە گۆڤارە ناودارەکانی کەنداو ئەنجامی دراوە، ئەو کچە جوانە خەڵکی وڵاتی (تونس) ە و جوانییەکی ناسك و ڕازاوەی هەیە.






# رۆن گۆڕین و مریشك

وەك لە زۆربەی شـــوێنەكان دەبینن كە چەندین تابلـــۆی ســـەیری رێكلام كردن دانـــراون، هەر یەكە بە شـــێوەیەك گوزارشت لە رێكلامەكەی دەكات، كەچی ئەگەر ســـەیرێكی ئەو تابلۆیە بكەین، كەس تێناگا، چونكە لەسەرەوە نووسراوە (مریشـــكی ....) و لە خوارەوەش نووســـراوە (روون گۆڕی .....)، یان رەنگە مریشـــكیش وەك ئوتۆمبێـــل روونی بگۆڕدرێ و نەمانزانی بێت!

# یاری پیت ریزكردن

هەوڵبـــدە ئەو پیتانەی نـــاو بازنەكان رێكبخەی بۆ ئـــەوەی ناوی یاریزانێكی ئینگلیزی بۆ دەرچێ.

ێ ر ت ی

وەڵامی ژمارەی پێشوو (ئۆدی)

## نوكـــتە

**برنادشـــۆ (گەورە نووســـەری ئیرلەندی) دەڵێ: نوكتە بچووكترین بەشی ئەدەبە!**

- منداڵێك لە دایكی دەپرسێ و دەڵێ: دایە فریشتە باڵی هەیە؟


دایك: بەڵێ كوڕم باڵی هەیە

منداڵ: ئەی بۆ ژنە كرێچیەكەمان باڵی نییە، خۆ باوكم هەموو جار پێی دەڵێ فریشتەكەم..




### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەستە شاراوەكانت بۆ ئەو كەسە شی بكەوە و ئەویش لە نزیكەوە تێدەگات لە مەبەستت، لە رێگەی كارەكانت هەواڵێكی كردنەوەی پێوەندی بكە بۆ ئەوەی لە نزیكەوە هەڵەكان چاك بكەیت و لە كراوەیی دڵت پەشیمان مەبە و تەنیا كێشە بچووكان چارەسەرێكی تایبەتیان دەوێ.




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ماوەیەكی زۆرە دڵت ئارامی نەماوە و هەست بە تەنگی دەكەی، لە رێگەی كەسانی دیكەوە كارەكانت ئەنجام مەدە و دەبێ خۆت كاری لەسەردا بكەیت، چونكە خودی خۆت چاكترە لە راوبۆچوونی كەسانی دیكە، ئەو كارەی ئەنجامت داوە لە داهاتوودا بە چاكە بۆت دەگەڕێتەوە.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

دوو دڵ مەبە لەو كارانەی ئەنجامی دەدەی بۆ ئەو كەسە، ئەمەش وادەكات كە تۆ ئاراستەی بیرو راكانت بگۆڕی لەسەر ئەو كەسە، شێوازێكی دیكە لە كاری خۆت دابین بكە، ماوەیەك لەمەوبەر تووشی ئەو هەڵەیە بووی و دەبێ لە داهاتوودا چارەسەری بۆ بكەیت و چاك بێتەوە.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

شێوازی بیركردنەوەی لە نزیكەوە دەبێ بگۆڕێ و ئەمەش بە گوێرەی داهاتووت كارەكانت رێكبخە، لەگەڵ دانانی بیرۆكەكان، دەتوانی بەسەر كارەكانت زاڵ بی و لە نیازی دڵی كەسی بەرامبەرت بگە كە چی مەبەستە. بۆیە دەبێ ئامانجەكانت دیاری بكەیت.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

گفتوگۆ و قسەكردن گەورەترین چارەسەرییە بۆ چاككردنی ئەو ناكۆكیەی نێوان تۆ و ئەو كەسە، لە رێگەی كەسێكەوە بوارێكی كار و هەواڵێكی تایبەتت بۆ دێ، ماوەیەكە هەست بە بێزاری و دڵتەنگی دەكەی، پێویستە وا بیرنەكەیەوە كە تۆ كەسێكی فەرامۆش كراوی.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەوڵدان بۆ ئەو ئامانجەی لە دڵتە بەرامبەر ئەو كەسە، دەبێتە رێگەیەكی تایبەت بۆ دانانی هەستەكانت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ لەگەڵ كەسی دڵت بە هێمنانە قسە بكەیت نەوەك بە تورەیی و ناخۆشی، لە ماوەیەكی نزیكدا كەسێك رێگەت دەگرێ بۆ خۆشەویستی.


ئامادەكردنی:داریۆ

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەكدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە






## ئاســـۆیی:

١- شاعیرێکی کوردبوو(پ)- چیایەکی کوردستانە(پ).
٢- ڕووبارێکی کوردستانە- وادی(ت)- شارێکی کوردستانە.
٣- وەکویـــەك- مریشـــك- بەشـــێکە لە لەش.
٤- بەشـــێکە لە لەش- هاوینەهەوارێکی کوردستانە- هەوا.
٥- وەکویەك- تەنیشت(پ).
٦- بەرهەمێکی دانوێڵەیە(پ).
٧- شاعێرێکی کوردبوو(پ).
٨- هۆش(پ)- میوەیەکە.
٩- بەخت(پ)- ڕەگەزێکە٠ لیری(ت).
١٠- کحـــول(ت)- منداڵـــی بوو(پ)- بڕوانامەیەکە.
١١- ئێمە(پ)- شاعیرێکی کوردبوو- نیوەی داود.
١٢- گۆرانیبێژێکی ئـەرمـەنـی بوو دۆستی کورده(پ).

## ســـتوونی:


١- داستانێکی کوردییە(پ).
٢- ڕۆمانێکـــە- پایەتەختـــی وڵاتێکی ئەورووپییە.
٣- نێر(ت)- ڕووبارێکە لە ئەوروپا(پ).
٤- پیتێکی Eیە- دارێکە(پ).
٥- شـــاعیرێکی کوردبـــوو- چاك(پ) وەکویەك.
٦- وەزارەتێکـــە- گێـــژ- بەرهەمێکـــی شیرە.
٧- پایەتەختی وڵاتێکی ئەمریکیە- پری- دارێکە(پ).
٨- کچـــە گۆرانیبێژێکـــە- پێوەرێکی کۆنە- تەنیشت.
٩- وەکویەك- یاریزانێکی ئەڵمانیە(پ).
١٠- بـــاز بـــە عەرەبـــی- ڕاهێنەرێکی جیهانییە.
١١- شارێکی کوردستانە(پ)- ڕەگەزی کورد(پ).
١٢- نووسەرێکی کوردی ڕوسیایە.

ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ڕێگەی هەستاکنتەوە مەهێڵە کار بکاتە سەر ژیانی تایبەتیت، بۆیە لە کارەکانت سست و ماندوبوونت پێوە دیارە، ئەمەش ئەنجامی ئەو کێشەیە کە ماوەیەکە لە دڵتدا ماوە، چاکبوونەوە لەگەڵ ئەو کەسە گەورەترین هەنگاوی ژیانت دەبێ، بۆیە هەوڵی بۆ بدە.




### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کارەکانت بەپێی دڵت مەکە، دەبێ بە ئاقڵانە بیر بکەیتەوە و ڕێگەی ئەو کەسە مەدە ئەوەندە بێتە ناو ژیانت، لە چاوی ئەو کەسە تێبگە کە ماوەیەکە چاوی خستۆتە سەرت، تەنانەت دەکرێ سوودێکی گەورە لە هەڵەکانی ڕابردووت وەربگری و لە نزیکەوە کارەکانت ڕابپەڕێنە.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بەهۆی ئەو ناخۆشەییەی لە دڵتەوە دەرکەوتووە، دەبێ بە ئاسانی و بە گەورەیی لە هەنگاوەکان ڕێگە بگری، تەنانەت ماوەیەك تووشی هەڵە بووی و دەکرێ لە ڕێگەی هەڵەکان تایبەتی و کراوەیی لە کارەکانت دەربکەوێ، شێوازی مامەڵەکردنت بگۆڕە و سادەتر بە.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ڕێگەی پێوەندییەکانت بەرەو خراپی ڕێگەی گرتووە و تەنانەت لەگەڵ هاوڕێکانیشت تووشی ناخۆشی و بێزاری بووی، دەبێ گۆڕانکاری بەسەر ژیانی تایبەتیت دەربخەی و ئەمەش وادەکات بوارێکی تازە لە ژیانت دروست بێ، لەم ماوەیە لە بواری هەست و سۆزدا دڵگران و دڵتەنگ دەبی.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەوەندە بە قوڵی لە ژیان مەڕوانە و کارەکانت بە سادەیی و ڕێکی دەربخە، لە ڕێگەی ئەو لایەنەدا شێوازێکی تایبەتی وەربگرە بۆ ئەوەی کەسانی بەرامبەرت بە هەڵە لێت تێنەگەن، بیرۆکەی لەم جۆرە بۆ ئەوەی لەم کەسە بگەی، ئەنجامێکی گەورەی بەدواوە دێت و بەردەوام بە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەوڵدە لە ماوەیەکی کەم ئەو کەسە بناسی کە دەیەوێ لە دڵت نزیك بێ، کارەکانت بە ئاسانی جێبەجێ بکە و کاری داهاتووت فەرامۆش مەکە، ئەو کەسە بە هەڵە لێت تێگەیشتووە و هەوڵدەن بە گفتوگۆ چارەسەری بۆ خاڵە ناکۆکەکان بدۆزنەوە، بیر لە داهاتووت بکەوە.

hemntoni@yahoo.com

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (زوحاك) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەڵێ لە زمانی هەولێری)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی نێر)
- پیتی خانەکانی (٥+٦) کۆبکەیتەوە بە مانای (دەست بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی دەرۆ)!

